کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-11-2007 1:02بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**خەونی پەپوولەیەک ... کەژاڵ ئیبراهیم خدر**



1
ڕەنگە بێ کارەسات و ڕاپەڕین
خەم نەبێتە
چەپکێ وەنەوشەی شعر
ڕەنگە بەبێ تۆڵەی ناحەز
مرۆڤ نەبێتە پاڵەوانی ڕۆمان
مرۆڤ هیوا ئەوین
ئەدا بەمەرگ
مەرگ لەپێناو جوانی خۆیدا
2
من لەناوباخی ڕەنگاورەنگی پرمیوەدا
دەستەکانم بەخواستی خۆی
گوڵاڵە سورەی بەهارم بۆدەگرێ
پریشکی گەرمی دڵیشم
کردۆتە مەنزڵی دارستان
3
ئێستا ژیان
تیشکێکە لەنێو چاوانمدا و
هەناسەی خەمی لێ دەتکێ و
باوەش بەشەپۆلی مەرگدا دەکا
ڕەخساریشم ژاکاو وەکوو
تاڤگەی ڕووبار
وەکوو کزەی ساردی بەرەبەیان
دێت و دەچێت
من نازانم شەودێ یا ڕۆژ
گۆڕستانی خونچەی دڵم
وەکوو پشکۆ گەش دەبنەوە
بەفراوی سەر ڕوومەتیشم
وەکوو دەریا شین دەچنەوە
3
پەنجەکانم ئاوێزانی شعر دەبن و
بەبەرچنەیەك دارەوە
شکۆفەی شعر دەچنمەوە
منی ماندوو
دوای سەدەیەك چاوەڕوانی
لەژێر چنگی ڕەشەبا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چۆر چۆر
دەڕژێمە ناخی خۆمەوە
چەند دەمەوێ رزگارم بێ
گلێنەی چاوم ببینێ
کەچی هێشتا رێگە نادا
بروسکەی سوور بەرم بۆخۆم

4

ئێستاکە من هەر بەتەنیا هاورێی
کێڵگەو بەفرو گوڵم
ئێستاکە من
رێژنەی باران وەکوو گەڵا
بەسەرسەرما دادەبارن
من نەم توانی بەخواستی خۆم
ووشەکانم بنوسمەوە
کەبەدەفتەری بیرەوەری
برینەکانمدا دەچمەوە
ئێستاکە منیش تێ دەگەم؟
گەر کۆتری باڵی نەبێ
هەرگیز باڵێکی تری لێ نارووێ

5

دەبوو چاوەکانم
خەون بە پەپولەی دڵمەوە ببینن
کاتێ تاڵەکانی قژم
بۆنی عەتریان لێدەهات
بۆنی ژەنگ بوو
کاتێ پاکی دەستەکانم
بەئاوی روون شۆرانەوە
ئاوی قوڕ بوو

6

نەمدەزانی مانای ژیان لەکوێدایە
جیاوازی مرۆڤ لەچیدایە
کاتێ بەئاگا هاتمەوەو
دەفتەری بیرەوەریەکانم هەڵدایەوە
برسیەتی رۆژگاری رابردووم بیرکەوتەوە
کەلەژێر سێبەری درەختێکدا، ئاوم دەدا

7

لێرە ژیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هیچ پەنجەرەیەکی نیە بۆ ڕێزگرتن
ئاخر ژیان زۆر شیرینە
ئەگەر سێبەری نەگات بەتۆ
ئازادی چۆن بەدی دێنین
ئەگەر مرۆڤ بەخشندەیی
نەدا بەتۆ
ئێمەی مرۆڤ
شەپۆلی خۆر هەموو ڕۆژێك
دەرگای دڵمان رادەژێنێ
خەونی دوورو ئەندێشەمان
کاسەی هەژارانمان بۆ دێنێ

8

ئێستا خۆشەویستی ئەگا بەمن
بۆنی عەتر لەجەستەم دێ
شەوگار دەخەم ئامێزم
من تێناگەم، بۆچی تەنها ئەستێرەی شەو
ئێشك گرەو قەت ناخەوێ
مانگ بۆچی لەسنگی ئاسمان نابێتەوە
شەو بۆ رەشەو ڕۆژیش بۆ هەمیشە ڕوناك

9

ئەوکاتانەی چەپکێ تیشکی زێرینی خۆر
خۆی دەخاتە باوەشی پەنجەرەکەمەوە
چ تابلۆیەك هێندە جوانە

10

مێژوو پری کردووم لەخوێن
جەستەی پڕ کردووم لەبرین
چناری باڵام دەبڕێ
ئەو دەیەوێ هەرەس بێنم
نووکی پێنووس و قەڵەمەکەم
وەکوو جاران بۆنی خۆشەویستی نەکەن
من ئێستاکە تێدەگەم
لەدوای هەرەس و دارمان
لەنێو دڵما
دڵۆپە شعر ئەدا لەشەقەی باڵ و
سەوز دەچنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.